

# ئیبراهیم سەعیدی: پێویستە زیاتر بایەخ بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکان بدەین

***● سینەماکاری ناسراو ئیبراهیم سەعیدی دوای سەرکەوتنی فیلمی (دایکانی من) ئێستا کۆتایی بەکارەکانی فیلمێکی دیکە هێناوە بەناوی (شوێن پێی ماندوو) کە ئامادەیە بۆ نمایشکردن، ئەو کە لە فیلمی پێشوویدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و سەرنجی بینەران و ڕەخنەگرانی هونەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا، دەیەوێت لە فیلمە نوێیەکەشیدا هەمان کار دووبارە بکاتەوە. پسپۆری و تایبەتمەندی لە سیما دیارەکانی ئیبراهیم سەعیدین، لەبەرئەوەی لەمنداڵییەوە حەزی لەبواری سینەمابووە و لەو ڕووەوە هەنگاوی زۆری ناوە. لەدەرفەتێکدا سینەماکار ئیبراهیم سەعیدیمان دواند.●***

*** دوای فیلمی (دایکانی من) چی نوێت لەبەر دەستدایە؟**

_ دوای دایکانی من فیلمێکی سینەماییم بەدەستەوەیە بە ناوی (شوێن پێی ماندوو) کە بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیریولاوان و بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە، نزیکەی دووساڵە کاری لەسەر دەکەم، ئێستا تەواو بووە و ئامادەیە بۆ نمایشکردن. بابەتەکەشی سەبارەت بە بنەماڵەیەکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە نزیکەی سی ساڵ پێش ئێستا هاتوون بۆ باشووری کوردستان، بەڵام حکومەتی بەعس بەهۆی ئەو سیاسەتەی هەیبوو، نەیهێشت لە کوردستان بمێننەوە و ڕەوانەی ئۆردوگاکانی باشووری عێراقی کردبوون. ئەو بنەماڵەیە تاکو ساڵی 2003 لە ئۆردوگاکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس دەژیان و دوای ئەو کاتە بەیارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕانەوە کوردستان. باوکی ئەو بنەماڵەیەی فیلمەکە باسی دەکات بەهۆی پیری و جەڵتە لێدانەوە تەندروستی باش نییە، کوڕەکەی دەیەوێت بیبابتەوە بۆ دێیەکەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کە ئەوان دەگەڕێنەوە فیلمەکە لەسەر سنوور کۆتایی پێدێت.

*** لەفیلمی (دایکانی من) چ دیمەنێك زیاتر سەرنجی ڕاکێشای؟**

_ ڕاستیەکەی ئەو فیلمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر مەسەلەکەم بناسم و لێی نزیك ببمەوە. ئەو ئازارە سەختەی نزیکەی بیست و چوار ساڵە چەشتوویانە و بەرگەیان گرتووە، لەنزیکەوە هەستی پێبکەم. هەر ئەوەش بوو وایکرد ئێمە ئەو فیلمە بەرهەم بهێنین کە سەرەتا پێمان وابوو بە نزیکەی شەش مانگ تەواوی بکەین، ئێمە ویستمان وەك هەستێکی نەتەوەیی خۆی دەربخاو وەك پڕۆژەیەکی نەتەوەیی کاری لەسەر بکرێت کە زیاتر لە دوو ساڵی خایاند.

*** ئایا توانیوتانە ئەو پەیامە بگەیەنن کە مەبەستتان بوو؟**

_ تاڕادەیەکی زۆر توانیومانە پەیامەکە بگەیەنین، ئەگەرچی ئەنفال برینێکی ئەوەندە قووڵ و گەورەیە. ئەوان ساڵانێکی زۆر بەبێ ئەوەی ناڕەزایی دەرببڕن و گلەیی بکەن، بەرگەی ئەو ژیانە سەختەیان گرتووە، دووری لەخۆشەویستانیان،چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانیان، ئێمە هەوڵمان داوە بە بینەری فیلم ئەو بوارە ئاشنا بکەین کە تاڕادەیەك شارەزایی نییە و بەجۆرێك کاری تێبکات کە قەت نەتوانێت لەبیری بکات و فەرامۆشی بکات.

*** زۆر فیستیڤاڵ لێرە و لەوێ ساز دەکرێن بەڕای تۆ تاچەند خزمەتی سینەمای کوردییان کردووە؟**

_ ئەو فیستیڤاڵانەی بەڕێوەدەچن تاکە هۆکارە بۆ ئەوەی دەرهێنەران فیلمەکانیان نمایش بکەن



و بینـــەر بیانبینێت، ئەو فیســـتیڤاڵانە گرنگن بۆ ئەوەی دەرهێنەران کاردانـــەوەی بینەران بزانن بەرامبەر بەرهەمەکانیان. هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی دەرهێنـــەران یەکتر ببینن و گفتوگۆ بکەن و زیاتر ئاشنایەتیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. بەڵام خاڵێکی دیکـــەی گرنگ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو فیســـتیڤاڵانەیە، کاتێك سەرکەوتووتر دەبن کە بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوە بچن، بۆ ئەمەش بوونی لیژنەیەکی پســـپۆر زۆر پێویســـتە کە شارەزاییان لەســـینەمادا هەبێت و لە پەنای دەستەی سینەما بن کە بتوانن بە زانســـتی ئەوان فیســـتیڤاڵەکە دەوڵەمەندتر بکەن. فیســـتیڤاڵ بۆ ئەوە نییە فیلم نمایش بکرێت و دواتر هەر کەسێك بچێتەوە ماڵی خـــۆی، کاتێك ســـینەماکاران لـــەدەرەوە و ناوەوە کۆدەبنـــەوە بـــۆ چەند ڕۆژێك لەو فیســـتیڤاڵەدا گفتوگۆ دەکەن و سوود وەردەگرن، کاتێك کەسێك لـــەدەرەوە دێت بـــۆ ئێرە بە بینینی فیســـتیڤاڵێك دەزانێت سینەما لێرەدا چۆنە، سینەما ئاوێنەیەکە کە بۆ ئەو کەسانە دەردەخات کە چەند گرنگە بۆ خەڵك و حکومەتی کوردستان. بۆیە پێویستە زیاتر بایەخ بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی فیســـتیڤاڵەکانمان بدەین.

*** تۆ لـــەو دوو ڕۆژە لە فیســـتیڤاڵی کورتە فیلم ئامادەبووی، بەشـــێوەیەکی گشتی ئاستی بەرهەمەکانت چۆن بینی؟**

_ ئەوە دوو ڕۆژە دەســـتی پێکردووە و ناتوانم دەربارەی هەموو فیلمەکان قسە بکەم، بەڵام ئەوەی لەو دوو ڕۆژە بینیومە بەدڵخۆشیەوە سەرکەوتنێکی گەورەی تێدا دەبینم. لەو فیستیڤاڵانانەی ساڵانێك پێش ئێســـتا لێرە بەدەگمەن نەبووایە بەرهەمێکی باشت نەدەبینی لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام ئەم یەك دوو ڕۆژە هەست دەکەی قسەیەکیان هەیە بۆ وتن، لەبـــارەی وێنەگرتن و مۆتاژ و دەنگ و دەرهێنان کە بەرەو پێشـــچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، خەریکە ئەزموونیان زیاتر و پوختەتر دەبێت. بەڵام ســـەرەڕای ئەو بەهێزی و بەرەوپێشـــچوونە هەست ئەکەم زۆر کار لەسەر ناوەڕۆك نەکراوە، زۆر لەو فیلمانە لەباری تەکنیك، کاری باشی لەسەر کـــراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرۆکەکەی باش نییە، بۆیـــە لەم کاتەدا هەرچەند هـــەوڵ بدەی ناتوانی فیلمێکی سەرکەوتوو دروست بکەی.

*** لە زۆربەی فیســـتیڤاڵەکان سینەماکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان خەڵات بەدەست دەهێنن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

_ بەگشـــتی ســـینەماکارانی ئێران خاوەنی ئەزموونێکـــی دووردودرێـــژی مێژوویین، ئەمەش لـــەوەوە هاتووە کە یەکێك لـــەو وڵاتانە بووە کە لە سەرەتاوە ســـوودیان وەرگرتووە لەهونەر و بایەخیان بە سینەما داوە، ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی زیاتر لە سەد ساڵ مێژووی سینەمای هەیە، ئەو مێژووە بۆتە هۆی ئەوەی ئەزموون و زانســـتی زۆر بێت، بۆیە دەرهێنەر و ســـینەماکار و وێنەگری باشی هەیە. کوردەکانیش هاوشـــانی ئەوان هەوڵیان داوە ســـوودمەند بن و شارەزایی پەیدا بکەن و لەبواری سینەمادا بەرهەمی باش دروست بکەن و سەرکەوتن بەدەست بێنن.

*** ســـینەمای نەتەوەییمان تاچەند پێویستە و چۆن دێتە بوون؟**

_ ئەگەر بمانەوێت باسی سینەمای نەتەوەیی بکەیـــن، ئـــەوا کاتێکـــی زۆری دەوێـــت و زۆر دوورودرێژە. ســـینەما چەکێکە نە دەنگی هەیە و نە مرۆڤ دەکوژێت، بەڵام زۆر ئاســـاییە ئەوەی پێت خۆشـــە لەبارەی بیر و فکـــرەوە وا بیخەیتە مێشکی بینەر کە خۆشی هەستی پێنەکات. ئێستا لـــە ڕێگەی فیلم و ســـینەما و هونەرەوە خەریکە وڵات داگیر دەکەن، واتە بەبێ بەکارهێنانی چەك وڵاتەکەیان داگیر کردووە. بۆیە زمانی ســـینەما ســـنوور ناناسێت و پێویســـتی بە زمان و وشە و وەرگێڕان نییە. ئێستا خەڵك زۆر بایەخ بە زمانی سیاسەت نادات، زیاتر سینەما کاریگەری هەیە لە هەر شتێك بۆ لەیەك نزیکبوونەوەی گەلان.

*** بەمنداڵـــی بیـــرت لەوە دەکـــردەوە فیلمی ســـینەمایی بەرهەم بێنیت و بەکام ســـینەماکار سەرسام بووی؟**

_ ڕاستییەکەی لەوەتەی لەیادمە و دەوروبەری خۆم ناســـیوە لەناو شانۆ و فیلم و سینەمادا بووم، هەر بۆیە لەشـــوێنێك گەورە بـــووم کە زۆر بایەخ بە هونەر دراوە، خولی شـــانۆ کراوەتەوە، لەدوای شۆڕشـــی ئێران ئاشـــنا بـــووم بە نـــاوی یەڵماز گۆنـــای، ئەو کاتە تەمەنـــم زۆر نەبوو، کە ناوم بیســـت، بەڵام هەستم کرد کەسێك بوو توانیویەتی ئەو قســـانەی دەبووایە کرابایـــە و نەتدەتوانی بە نووسینێك یان کتیبێك یان تابلۆیەك یان زمانێکی دیکە دەریببڕی، توانیویەتی ئەو قسەیە بکات لە ڕێگەی هونەر و سینەماوە کە من وەك سیمبول و ڕابەرێك لێم دەڕوانی.





# کــــازم ســـــاهر توانای دەربڕینی زیاترە

له ڕاپرسیەکدا کە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی گۆڤاری (زهرە الخلیج) ئەنجامیـــداوە دەربارەی ئەو هونەرمەندە کە گۆرانییەکانی زیاتر گوزارشت لە کەسایەتی دەکەن یاخود دەربڕی واقیعی زۆرترین چینی کۆمەڵگەن، گۆرانیبێژی عێراقی کازم ســـاهر بە پلەی یەکەم هات بە ڕێژەی 62%.

لە پلەی دووەمیش هونەرمەندی سعودی محەمەد عەبدە بە 23% و لە پلەی سێیەمیش گۆرانیبێژی لوبنانی راغب عەلامە بە 15% هاتن، شـــایەنی گوتنە ڕاپرسیەکە تەنیا لە نێوان ئەم سێ گۆرانیبێژەدا بوو.



## عـادل ئیمام:

# ڕێکلامم بۆ ئیسرائیل نەکردووە

لــە وەڵامــی لێدوانێکـــی نیللی شـــیلا هەڵســـورێنەری باڵیۆزخانەی ئیســـرائیلی لــە قاهیرە دەربـــارەی فیلمی (الســـفارة فی العمـــارة)، عادل ئیمامـــی ئەکتەری بەناوبانـــگ و پاڵەوانی فیلمەکە رایگەیاند کە فیلمەکە بەهیچ شێوەیەك ڕێکلام نەبووە بۆ بوونی ئیسرائیل و ئیعتیراف پێکردنی.

عـــادل ئیمـــام وتـــی: بەهیچ شـــێوەیەك پڕوپاگەنـــدە بۆ بکوژانی منـــداڵان ناکەم و بـــە تونـــدی دژی ئاســـایی کردنەوەی پێوندییەکانی میســـرم لەگەڵ ئیســـرائیل، مەبەســـتی من لەو فیلمە ئەوە بوو کێشەی فەلەســـتین لە قاڵبێکی کۆمیدیدا نیشـــان بدەم، چونکـــە پێموایە بە کۆمیدیا دەتوانین کێشە هەرە گەورەکانمان چارەسەر بکەین و ســـەرکەوتنی فیلمەکەش بەڵگەی وشیاری سیاسی جەماوەرە. شایەنی وتنە شیلا کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی سوریایە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعربیە خۆشەویســـتی و سەرسامی خۆی بۆ هونەرمەندی کۆمیدی عادل ئیمام و فیلمی (السفارة فی العمارة)، دەربڕی بوو.

# پڕ فرۆشترین ئەلبوومەکانی ئەمساڵ بەپێی ڕاپرسی


www.hitmarker.com



1 ئەلـــیسا



2 هەیفا وەهبی



4 عەمرو دیاب



3 کازم ساهیر



5 عاسی حلانی

# هەیفا وەهبی دەبێتە داپیرە

دوای ئـــەوەی هەواڵـــی ســـکپڕی زەینەبی کچـــی هەیفا وەهبی بڵاوکرایەوە، چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە هەیفایان پرسی، هەستی چییە کە بـــەم نزیکانە دەبێتە داپیرە، بەڵام هەیفا بەهیچ شـــێوەیەك وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چەندین ســـاڵە پێوەندی نێوان هەیفا وەهبی و کچەکەی تێکچووە، تەنانەت کچەکەی هەیفا لە مەســـەلەی شووکردنیشـــی پرسی بەدایکی نەکردبوو.



ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# "مۆتەکە لە شەقامی ئیلم" پڕفرۆشترین فیلمی هەفتەیە




فیلمی ترسێنەر "A Nightmare on Elm Street" مۆتەکە لە شەقامی ئیلم، بەهۆی ئەو رۆڵە جوانەی پاڵەوانی فیلمەکە دەیگێڕێ، توانی ببێتە فیلمی یەکەمی ئەم هەفتەیە، زیاتر لە ٣٢ ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە، هەر ئەمەش هۆکارێکی باش بوو بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی بۆکسی هەفتانەی سینەماکانی ئەمریکا، دوای ئەوەی چەند هەفتەیەك رووی لە دارمان کردبوو.

ئەم فیلمە تەواوکارە، واتە بەشی دووەمی فیلمێکە بە هەمان ناونیشانەوە کە لە ساڵی ١٩٨٤ بەرهەم هێنرابوو، دیارە لە سینەمای ئەمریکیدا ئەو ماوە درێژە بۆبەرهەمهێنانی بەشێکی تری فیلمێك دەگمەن نییەو چاوەڕوانکراوە، بەشی سێیەمی فیلمی "Godfather" دوای زیاتر لە ١٥ ساڵ بەرهەم هێنرا.

A Nightmare on Elm Street لەبەرهەمهێنانی گەورە کۆمپانیانی سینەمایی "WARNER BROS"ـە، و بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلاری تێچووە، فیلمەکانی هاری پۆتەر گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم کۆمپانیایەن.

فیلمەکە وەك تەواوکارێکی بەشی پێشووی خۆی، بەهۆی خەونەوە، دەچێتە گژ قوربانیەکانی، کە ئەمەش هێزێکی نەبڕاوەیە، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت خۆی لەخەوتن بەدوور بگرێت، لەم بەشەی فیلمەکەدا، دەیەوێت هێڵکی جیاکەرەوە لەنێوان خەون و واقیعدا دروست بکات، پاڵەوانی فیلمەکە دەستدەکاتەوە بە لێدان و تۆقێنەریەکانی خۆی بەرانبەر کۆمەڵێك مێرمنداڵ بۆ ئەوەی لەناویان ببات، بەڵام ئەوان هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەن، بەوەی نەیەڵن خەویان لێبکەوێ، تاوەکو نەتوانێت زەفەریان پێ بەرێت. فیلمەکە لە دەرهێنانی "ساموێل بایەر" و پاڵەوانێتی ئەکتەری گەورە"جاکی ئیرل هالی "ـە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- (A Nightmare on Elm Street (٢٠١٠)) ٣٢،٩٠٢ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٢،٩٠٢ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

2- (How to Train Your Dragon) ١٠،٦١٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٩٢،١٧٣ ملیۆن$، بە ٦ هەفتە، پلەی پێشوو:١.

3- (Date Night) ٧،٥٧٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٣،٦٠٤ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٣.

4- (The Back-up Plan) ٧،٢٥٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٢،٩٦٣ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو ٢.

5- (Furry Vengeance) ٦،٦٢٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦،٦٢٧ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

6- (The Losers) ٥،٨٨٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٨،٠١٣ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٤.

7- (Clash of the Titans) ٥،٨٥٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥٣،٩١١ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشوو٦.

8- (Kick-Ass) ٤،٥١٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٢،٢٢٨ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:٥.

9- (Death at a Funeral) ٤،١٢٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٤،٩٠٠ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:٧.

10- (Death at a Funeral) ٤،١٢٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٤،٩٠٠ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:٧.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

## پەشیمانە لە بەشداری کردنی لە درامای پرسدا

### هونەرمەند دەوەن نەوزاد بۆ گوڵان:

# لە فیستیڤاڵی تەوار مافم خورا

**● دەوەن نەوزاد کچە ئەکتەرێکی سینەمای کوردییە، خاوەنی (٣) خەڵاتی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردییە و هەرچەند دەسپێکی کاری هونەری دەوەن بۆساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە، بەڵام تواناو سەلیقەی ئەو وایکرد زوو بگاتە چاوی بینەر و توانی بناغەیەکی پتەو و پێگەیەکی باش لە ناو هونەری کوردیدا بۆ خۆی دروست بکات، دەوەن لەو ماوە کەمەی کە سەرقاڵی کاری هونەرییە بەشداری زیاتر لە ٣٥ کاری هونەری کردووە، هەوڵی داوە جگە لە هونەری نواندن وەکو ئافرەتێکی ئەکتەر گرنگی بە بواری هونەری دەرهێنان بدات، دوایین کاری دەرهێنانیشی فیلمی (ژن) بوو کە بەشداری فیستیڤاڵی تەواری پێکرد، ئێمە وەکو گۆڤاری گوڵان لە سلێمانی هەوڵماندا لەم دیدارەدا چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین ●**

لە سەرەتادا هونەرمەند دەوەن نەوزاد مەجید بەم شێوەیە بۆمان دواو وتی "من (دەوەن) کچی هونەرمەندی دەرهێنەر (نەوزاد مەجید)م لەساڵی (١٩٨٥) لە شاری سلێمانی لە دایك بوومە، سەرەتای ئاوێتەبوونم بە دنیای هونەری نواندن بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستا زیاتر لە (٣٥) کاری هونەری وەکو ئەکتەر تیایدا بەشداریم کردووە، سەبارەت بە ئاستی خوێندەواریم توانیومە قۆناغی ناوەندی تەواو بکەم و ئیدی هەر لەو زەمەنەوە دوای ئارەزووی هونەری خۆم کەوتووم و بڕیارمداوە هەوڵ بدەم تاوەکو بچمە کۆلێژی هونەر بەشی سینەما لە شاری هەولێر بۆ زیاتر گەشەکردنی بوارەکەی خۆم.

*** چی تۆی لەگەڵ نواندندا گرێدا؟**

- لە منالییەوە حەزوخولیام کارکردن بوو لە بواری هونەریدا، چونکە دایك و باوکم هەردووکیان لە بوارەکەدا رۆڵیان هەبوو، ئەوانیش کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، ئەوەبوو خۆشبەختانە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە رێگەی باوکمەوە بە کۆمبارس بەشداری درامای (رەشەی پۆلیس)م کرد لەو کاتەوە ئارەزووی هونەریم گەشەی کردوو تا ئێستاش لە بواری نواندن بەردەوامم.

*** چی لە پشت زوو دەرکەوتنی تۆوە بوو لە بواری هونەری نواندندا؟**

- بەو پێیەی لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند هاتوومەتە دنیاوە، ئەوەش ئەزموونێکی زیاتر بوو بۆ پەرەپێدانی بەهرە هونەرییەکەم تا بەئاراستەیەکی باشتر خزمەتی هونەری کوردی پێبگەم .

*** زۆرێك لە ئافرەتان لە بواری هونەر باسی ئاستەنگ و گرفتی بەردەمیان دەکەن لە بوارەکەدا، تۆ هیچ گرفت و ئاستەنگێك لەبەردەمدا بوونی هەبووە؟**

- دیارە لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردی گرفت و ئاستەنگ هەیە، بەڵام رەنگە ئەم ئاستەنگانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نەوعی بێت. بەو پێیەی لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند پەروەردە بووم، رەنگە ئەو گرفتانە لەلام کەمتر بێت، بەمەرجی ئەوەی کەوا کەسێکی تارادەیەك کۆمەڵایەتیم، توانیومە لەگەڵ هەر ئەگەرێك کە هەبێت خۆم بگونجێنم.

***پێگەی ئێوەی ئافرەت لە بوارەکەدا لە چ قۆناغێکدایە، ئایا ئێوەی ئافرەت توانیوتانە شان بە شانی پیاوان لە بوارەکەدا بوونتان هەبێت؟**

-دیارە هەوڵێکی جددی هەیە بۆ هاوسەنگی کردنی رۆڵی پیاو و ئافرەت لە بواری هونەری نواندا کە دەتوانم بڵێم خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی رابردوودا چەندین ئافرەتی بە توانا لە بوارەکەدا بوونی خۆیان سەلماندوە، دیارە ئەم هەوڵانەش لەداهاتوودا زیاتر پەرەدەسێنێت، وەکو ئافرەتێکی گەنج بڕوام وایە دەبێت هەموومان تەواوکەری یەکتری بین بۆ خزمەتکردنی بواری هونەر، هەوڵەکانم هەمووی لەخاڵێکدا چڕدەکەمەوە بۆ خزمەتی سینەماو شانۆی کوردی .

***پێویستمان بە شکاندنی بەربەستە، یاخود پێویستمان بە هونەرێکی راستەقینە هەیە؟**

- پێموایە ناتوانین لە هونەرو کولتووری کوردی لابدەین و پێچەوانە لەگەڵیدا مامەڵە بکەین، بەڵام خۆ دەتوانین بە ئاراستەی خزمەت گەیاندن بە هونەری کوردی هەنگاو بنێین و نوێکاری لە هونەرەکەدا بکەین بەو ئاراستەیەی خزمەتی خەڵك بکات و بینەر دڵخۆش بێت بەو هونەرەی کەتۆ دەتەوێ پێشکەشی بکەیت.

*** کەواتە بە بۆچوونی تۆ پێتوایە هونەرمەند دەبێ کارێك بکات بینەر داوای لێبکات، یاخود هونەرمەند کاریگەری لەسەر بینەری خۆی**



سۆران مارف کریم

**هەبێت کەبە چ ئاڕاستەیەکی هونەریدا بیبات و سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا رابکێشێ؟**

- وایە هونەر زمانێکی جیهانییە بۆ لێکگەیشتنی نەتەوە جیاجیاکان، دەبێت هونەرمەند بتوانێت کاریگەری هەنگاوەکانی لەسەر بینەری کوردی دروست بکات و هەوڵی گواستنەوەی واقیعی کۆمەڵگەکەی بدات بە مەبەستی وەرگێرانی لەناو دەقێکی درامی یان سینەماییدا، دەبێت تۆ کارێك پێشکەش بکەیت لە کولتووری کۆمەڵگەکەت کە کۆمەڵگەی کوردییە دەرنەچێت.

**هەندێك لە ئافرەتانی هونەرمەند گلەیی ئەوەیان هەیە رەنگە هەندێجار تووشی قسە و قسەلۆك یاخود توانجی کۆمەڵگە دەبنەوە (دەوەن) هیچ کاتێك تووشی ئەو گرفتە بوویتەوە؟**

-دەتوانم بڵێم تا ئەمرۆ نەخێر، چونکە لە راستیدا رام وایە هەموو ئەو رۆڵانەی کە بەرجەستەم کردووە رۆڵێك بووە کە بینەری کورد لێی رازی بووە. توانجم ئاڕاستە کراوە، بەڵام توانجی خۆشەویستی، هەندێك جار توانجم ئاراستە کردونەتەوە بەمەبەستی ئەوەی لێم نزیك ببنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە ئافرەتی کورد هەیەتی، بە داخەوە هەندێك جار مافی خۆمان بە پێی پێویست نادرێ و هەندێ جار لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە تووشی گرفت دەبینەوە.

*** کرانەوەیەکی زۆر لە بواری هونەری گۆرانی هەیە، تا چەند ئەو کرانەوەیە لە هونەری نواندندا بوونی هەیە؟**

-دەبێت هەموومان هەوڵی خۆمان لە پێناو خزمەتکردنی هونەردا بە ئاراستەیەکی باشدا بەرین، بۆ نموونە هەستم بە بۆشاییەك کرد لە بواری دەرهێنەری ئافرەتی بواری سینەما، بۆیە بەپێی ئەو بەهرەییەی کە ئێستا هەمە لە هەوڵی خزمەت گەیاندنی ئەو بوارەدا دەمەوێ بوونی خۆم بسەلمێنم، دەبێت هەریەکەمان لەلای خۆیەوە خزمەتی کرانەوەی هونەری نواندن بکات بۆ سەرخستن و بەرەو پێشبردنی.

***هەوڵەکانت لە بواری دەرهێنانی سینەما بە کوێ گەیشتووە؟**

- ماوەیەك بەر لە ئێستا دەرهێنانی کورتە فلیمی (ژن)م ئەنجامدا کە توانیم بەشداری فیستیڤاڵی تەواری پێ بکەم، لە کورتە فیلمەکە (٨) ئەکتەری ئافرەت و دوو ئەکتەر و بەهرەی نوێ .

***بە بۆچوونی تۆ هۆکاری کەمی ئافرەتی دەرهێنەر لە بواری هونەری نواندندا لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

-دیارە هونەری دەرهێنان پێویستی بە تواناو لێهاتووی و هەوڵی زیاتر هەیە، دەرهێنەر پێویستە شارەزایی تەواوی لە بواری نواندندا و کەسایەتیەکی جەربەزەی هەبێت، دەبێت واقعی کاری دەرهێنان شارەزابیت و ئەو کاتە دەتوانیت کاری دەرهێنان ئەنجام بدەیت من رێزم هەیە بۆ زۆرێك لە دەرهێنەرەکان، هەندێك دەرهێنەر هەیە زۆر بە ئاسانی کاری دەرهێنان ئەنجام دەدات بێئەوەی گوێ بداتە ئەنجامەکانی و من بە شارەزاییەوە دەڵێم لە بواری سینەما قوتابیەکم هەوڵمداوەو لەگەڵ چەند گرووپێکی ئێرانی و ئەڵمانی و ئەمریکی و ئیتاڵیایی کاربکەم ...

***بەشداری کردنت لە فیستیڤاڵی تەوار بۆ کورتە فلیم چۆن بوو ؟**

- وەکو دەرهێنەرێك بە کورتە فیلمی ((ژن)) بەشداری فیستیڤاڵەکەم کرد دیارە فیلمەکەم ئاماژە بوو بۆ تێروانینی کۆمەڵگە لەسەر کەسانی ئازادی ناو خودی کۆمەڵگە خۆی،هیوادەخوازم هەوڵەکەم هەوڵێکی جوان بێت بۆ خزمەت گەیاندن بە بواری سینەمای کوردی .

***کەسانێك لە بەشداربووانی فیستیڤاڵی تەوار بۆ کورتە فیلم گلەییان هەبوو لە ئەنجامەکانی فیستڤاڵەکە تۆ لەم رووەوە چیت هەیە؟**

-منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی کەوا رەخنەم لە ئەنجامەکانی فیستیڤاڵ هەبووە،بەداخەوە لیژنەی فیستیڤاڵ زۆر بە ناهەقی و ناعەدالەتی خەڵاتەکانی دابەش کرد دەبوایە بڕیارەکانیان لە خزمەتکردنی هەوڵەکانی ئێمە بوایە بۆ بنیادنانی سینەمای کوردی،کابرایەکە نەرویجی هەبوو ئامێرێکی پێشکەوتووی لەبەردەستە بۆ دروست کردنی سینەما دەبێت رەچاوی ئەوە بکرایە کە ئێمە لە کوردستان بەو هەموو کەموکوڕییەوە دڵێکی باشمان هەیە بۆ خزمەت گەیاندنی بە بوارەکە هەر چەند جێی خۆشحاڵییە کەوا فیستیڤاڵی هونەری لێرەو لەوێ بوونی هەیە بەمەبەستی زیاتر سەرخستنی ئاستی هونەری نواندن و لەم دەرفەتەدا بوونی گەنج بوونێکی گرنگ و دیار بووە و من لە سێ فیستیڤاڵی تایبەت بە سینەما توانیومە خەڵات بە دەست بهێنم و پێم خۆشە پێشنیاز بکەم تا وەزارەتی رۆشنبیری بەمەبەستی گرنگیدان بە توانای گەنج لەو فیستیڤاڵانەی کەوا ئەنجام دەدرێت زیاتر هەوڵ بدات

***بەرنامەی هونەریتان چییە لەم کاتەدا ؟**

-دیارە بەکاری دەرهێنانی کورتە فیلمی ژن زۆر ماندوو بووم زۆریش دڵتەنگ بووم بەوەی کەوا هەوڵێکی زۆرمدا، بەڵام لە فیستیڤاڵەکەدا مافی خۆم پێنەدرا دەبووریژ لەوە بگیرێ کەوا تاقە کچێك بووم، بەڵام مافی خۆم پێ نەدرا ئەوەی جێی خۆشحاڵییە فیلمی من چووە ناو پێشبرکێوە، کەواتە فلیمی من یەکێك بوو لە فیلمە باشەکانی بەشداربووی فیستیڤاڵەکەوە من لە ئایندەدا بەرنامەی پرۆگرامی هونەریم هەیە بۆ خزمەت گەیاندنی زیاتر لە بواری هونەر

***جوانی تاچەند پێویستە بۆ ئافرەتی ئەکتەری بواری نواندن ؟**

-من پێم وایە جوانی مەرجی سەرەکی نییە بەڵام جوانی پێویستی بەهەستە، پێویستی بە کەسایەتی مرۆڤە پێویستی بە دەرخستنی ناخی مرۆڤە..

***مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەکتەر لە چیدا دەبینیتەوە ؟**

-راستگۆیی و هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی کاری جوان نەوەك ناوبانگ و هەوڵدان بۆ دەسکەوتنی ماددە.

***تا چەند لەگەڵ ئەو فلیمانەی کەوا بۆ مەبەستی بازرگانی بەرهەم دەهێنرێت؟**

-بەمەرجی ئەوەی ئەو کارانەش بینەرێکی زۆری خۆی هەیە من پێم باشە بەرهەم بهێنرێت بەڵام زیاتر گرنگی ئەو کارانە لەوەدایە لەڕووی تەکنیکی هونەریەوە زیاتر بایەخ و گرنگی خۆی پێبدرێت.

***ئەگەر داوات لێ بکرێت بۆ بەشداری کردن لەو کلیپانەی تۆماردەکرێن ئامادەی بەشداری بکەیت ؟**

-نەخێر لەبەر ئەوەی من خۆم بە ئەکتەرێکی سینەمایی دەزانم، چەند کەس بۆ نواندنی کاری کلیپ و فیلمی دیکۆمێنتی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی بانگهێشتیان کردووم هەروەها بۆ پێشکەش کردنی بەرنامە کە ئەوەش جێگای شانازییە، بەڵام من داواکەیانم رەت کردۆتەوە .

***لەکام لەو کارانە پەشیمانی کە بەشداریت تێدا کردوون ؟**

-پەشیمانم لە بەشداری کردنم لە درامای (پرس) لە راستیدا من کاتێ سیناریۆی دراماکەم خوێندەوە سیناریۆیەکی جوان بوو بەڵام بە داخەوە لە رووی دەرهێنانەوە کەموکوری هەبوو لە رووی هونەرییەوە کۆمەڵێ هەڵەی زۆر ئاشکرا بە کارەکەوە دەبینرا.

**بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com